# سەرۆكی حكوومەت دروستكردنی ئەم هەموو لیژنەیە گەورەترین گەندەڵیە !

**شاخەوان عومەر سلێمان**
shaxawin@yahoo.com



بڕیاردرا بە دورستكرنی لیژنەیەك بۆ پێداچوونەوەی ئیش و كاری سەنتەرەكان و هەڵسەنگاندنیان بە ئەندامیەتی ئەم و ئەو لە وەزارەتەكانی ....... وە بڕیارماندا بە راسپاردنی لیژنەیەكی دیكە بۆ چاودێریكردن و سنورداركردنی نرخی شتومەك لە بازاڕەكان...... هەروەها بڕیاردرا بەدەست بەكاربوونی لیژنەیەكی دیكەش بە ئەندامیەتی چەند بەرێوەبەر و پسپۆڕ و شارەزایەك بۆ داڕشتنی پلانی ستراتیژی و درێژخایەنی كارەكانی حكوومەتی هەرێمی كوردستان.

دانان و بڕیاردان و راسپاردنی ئەم هەموو خەڵكە بۆ كۆمەڵێك لێژنەی مەیدانی و تەرخانكردنی میزانیەیەكی دیاریكراو تایبەت بۆیان و خستنە ئەستۆی هەندێك كاری دیكەی ئیزافی بۆ ئەو فەرمانبەر و بەرێوەبەر و پلەدار و سەرپەرشتیارانە بۆچی ؟ لە كاتێكدا ئەو بوار و لایەنانەی كە لیژنەكان بۆی دەست بەكاردەبن هەر هەموویان بەرێوەبەرایەتی و فەرمانگەی تایبەت مەندی خۆیان هەیەو هەریەكەشیان بەزیادیشەوە لە خۆیان پارە و سەلاحیات و كارمەند و پێداویستی كاتی و درێژخایەنی خۆیان بۆ تەرخانكراوە تاوەكو بەئەركی خۆیان هەستن.

باشە كە دیوانی چاودێری دارای هەبێت و بەرێوەبەرایەتیەكی زل وجوداو جیاوازی بۆ كرابێتەوە و میلاك و میزانیەی لە لایەن حكوومەتەوە بۆ دابینكرابێ دەبێ ئیشی ئەم دیوانە چی وچۆنبێ گەر بەئەركی خۆی هەڵنەستێ و بەپێی پێویست پابەندی وەزیفەی خۆی نەبێ، بۆ حكوومەتی هەرێم راستەوخۆ سەرلەبەری پێكهاتەی وەزارەتەكە جگە لە فەرمانبەرە ئاسایەكان راپێچی لێپرسینەوە ناكات و لە سەرستی و ناكارای و تەوەزەلی و كەمتەرخەمی و ترسنۆكیان سزایان بۆ نابڕێتەوە و لەكار لایان نادات، بۆ دەبێ دیسانەوە رێگاخۆشبكرێ بۆ گەندەڵیەكی دیكە و لیژنەیەك پێك بهێندرێ كە بێ هیچ گومانێك ئەوانیش نەسریەو میزانیەیەكی قەبەیان پێویستە.

یان دانانی لیژنەیەك بۆ پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی كاری سەنتەر و ناوەندەكان بۆ چی، لە كاتێكدا هەموومان دەزانین مۆڵەتدان و رێگاكردنەوە بە هەریەكێك لەو لەشكرە سەنتەرە مشەخۆرانە بەكۆمەڵێك زەحمەتی و سەرئێشەو بێنەو بەردەی وەزارەتی رۆشنبیری و وەزارەتی ناوخۆ و دەزگاتایبەتیەكانی حیزبی تێ پەڕدەبێ و پێویستی بە وەرگرتنی رەزامەندی و دانی رسومات و جێ بەجێكردنی مەرج و پابەندی و یاساكانە، واتا دامەزراندنی هەریەكێك لەو دەزگا مردوانە بە پێوانەی خایاندنی كات نزیكی ماوەی بەدەستهێنانی جنسیەی وڵاتێكی ئەوروپی بۆ پەنابەرێكی كورد دەخایێنێ، جیا لەوەشی كە زۆربەی ئەو سەنتەرانە منحەیەكی قەبەوەردەگرن بەبێ ئەوەی نەبارەگایان هەبێ نەچالاكی، ئێ باشە مادام بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی هەر سەنتەرێك ئەو هەموو جدیاتەی بوێ دیارە هەریەكێكیان بەحەقی خۆی كاردەكات بۆ لێژنەیەك دادەمەزرێنن كە پۆلێنیان بكات لە نێوان باش خراپدا و پاشان هەندێكیان داخات .

دروستكردنی ئەم هەموو لیژنانە بەمانای بەتاڵ بوونەوەو لە دەستدانی شەرعیەتی یاسایی دەستەڵاتی هەریەك لەو وەزارەت و بەرێوەبەرایەتیانەیە كە حكوومەت پێشوتر بەراوێژ و گفتوگۆ و پرس و ڕای پێشەكی پسپۆڕان و شارەزایان بڕیاری دامەزراندنی داون و بەهەر یەكێكیانی كۆمەڵێك ئەرك و كاری راسپاردوە، یان قۆڵ هەڵماڵین و پێشبڕكێ كردن لە دروستكرنی ئەم گەلە لیژنە پارەخۆرانە بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ ئیعلان كردنی حكوومەتە لەسەر فەشەلی ئەو وەزارەت و فەرمانگانەی كە لیژناكانیانی بۆ دامەزراندوە.

گەر حكوومەت نیازی ئەوەیە بەربگرێ لەو فەوزاو پاشاگەردانی و كەس بەكەس نەبووەی بازاڕەكانی ئەمڕۆی خۆمان و سنوردانانێك بۆ شڵەژاوی و تێكچڕژان و لێدان و بردن و بەهەدەرچوونی پارەیەكی بێ ژمار و لە حیسابدانەبوو، قەت ئەوە چارەسەر نیە بێ بەپەلە غارداتە دورستكردنی دەیان گروپی جیاجیا بەناوی لێژنەی چاوەدێری و پێداچوونەوەی كارەكانی حكوومەت، چونكە هیچ گومان هەڵناگرێ هەریەكێك لە ئەندامانی ئەو تیپانە جا ئەگەر بەگشتیش نەبێ تاك

تاکە لە گەندەڵی دەگلێن و ئەوانیش لە شوێنی ئەوەی ببنە کلیلی چارەسەر و پەنجە لە سەردانانی ئێشەکان و دۆزینەوەیان بۆ خۆیان ببنە بەشێك لە کێشەکان.

لەلایەکی دیکەوە یەکێکی تر لە ماناکانی ئەم دەردو پەتای دروستکردنی لێژنەی فلان بۆ مەبەستی فلانە کارە کە خەریەکە هەموو دەزگاو وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەت دەگرێتەوە بۆ خۆی جۆرێکی دیکەیە لە گەندەڵی ، دیوێکی ترە لە نەخۆشی پارە وەرگرتن و خەرجکردن و وێڵکردن وەك زیادەمەسروفێکی بێ ماناو بێ بیان و کەوای کردوە لەناو زۆربەی دەزگاکان واسیتەو واسیتەکاری و هێنانی وەرەقەی ئەو بەرپرسی حیزبی و تەلەفۆنکردنی ئەوی دیکە سەرهەڵدا تاوەکو ناویان برخرێتە لیژنەکەوەو ببنە ئەندام تیادا، چونکە دەزانن بەهۆیەوە دەسکەوتی مادی گەورەو پاروی چەور دەخورێت .

وەك دەزانین دروستکردنی هەر لیژنەیەك لە هەر ولاتێك و بۆ هەر مەبەستێك کارێکی شاز و ئیستنائیەو لە حاڵەتی زەروور حکوومەت بڕیاری لە سەردەدا نەك وەك ئەوەی حکوومەتی ئێمە دەیکات کە تاو نا تاوێك لیژنەیەك دادەمەزرێنێ.